# ئازایەتی لە لایەنگریی تۆدا - ئامانجەکانی حزبی سۆشیال دیموکرات SDP هەتا ساڵانی ٢٠٣٠

## لە هەڵبژاردنەکاندا بابەتەکە پەیوەندیی بە بژاردەکانەوە هەیە

لە هەڵبژاردنەکاندا بابەتەکە پەیوەندیی بە بژاردەکانەوە هەیە. بژاردەکان لە نێوان بەها جیاجیاکاندا. ئەو بژاردانەی کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هەموومان و داهاتووی فینلەندا هەیە.

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٩دا ئێمەی سۆسیال دیموکراتەکان داوای بریکارنامەمان کرد بۆ دەستپێکردنی گۆڕانکاری. پەیامی حزبی سۆشیال دیموکرات SDP ئەوە بوو و ئێستاش هەر ئەوەیە کە: هەموو کەسێک مافی خۆیەتی چاوەڕێی ئەوە بکات کە سبەینێی لە ئەمڕۆ باشتر بێت. ئێمە ئێستا دەستمان بەم گۆڕانکارییە کردووە و لەم هەڵبژاردنانەدا داوای متمانە دەکەینەوە بۆ چوار ساڵی تر.

ئێستا هەموو منداڵێک مافی پەروەردەی ساوایی و دەستپێکی یەکسانی هەیە. هەموو گەنجێک مافی ئەوەی هەیە لایەنی کەم خوێندنێئاستی دووەم تەواو بکات. شوێنەکانی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندنی باڵا زیاد کراوە بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆرتر دەرفەتی خوێندنیان هەبێت تا ئەو شوێنەی کە دەیانەوێت.

هەموو فینلەندییەک مافی کارکردن و ئەو خزمەتانەی هەیە کە پشتگیریی ژیانی ڕۆژانە دەکەن. ئێمە ژینگەیەکی کارکردنمان هێناوەتە ئاراوە کە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی پەتا و شەڕ دامەزراندن لە کار لە ئاستێکی بێوانەییدایە. ژیانی کارکردن یەکسانترە و دایک و باوکان مەرجی باشتریان هەیە بۆ ئەوەی ڕۆڵی دایک و باوکایەتییان بە یەکسانی بەش بکەن. حکومەت یەکسانیی لە ژیانی کار و پێگەی ئیشکەراندا بەهێزتر کردووە و نەریتی ڕێککەوتنی بەهێزتر کردووە.

هەموو کەسێکی بەساڵاچوو مافی خۆیەتی کە متمانەی بەوە هەبێت کە لە کاتێکدا پێویستیی بە یارمەتی هەبێت دەتوانێت یارمەتی وەربگرێت. خانەنشینیی کەم وەک بەڵێن درابوو زیاد کراوە. چاکسازیی خزمەتی کۆمەڵایەتی و تەندروستی گەیەنراوەتە مەرام و ئێستا ئەرکی ئەو هەرێمی خۆشگوزەرانیانەی کە داهێنراون بریتییە لە گرنگیدان بە جێبەجێکردنی گەرەنتیی خزمەت و چاودێریی حەوت ڕۆژە و کوالیتی خزمەت بۆ بەساڵاچووان.

هەموو فینلەندییەک توانیویەتی لە ناوەڕاستی هەڵچوونەکاندا هەست بە ئاسایش بکات. حکومەتەکەی سەننە مارین وڵاتەکەی بەرەو ئەندامێتی ناتۆ بردووە و ڕۆڵی چالاکانەی فینلەندای لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بنیات ناوە. سەرچاوە توانابیەکانی هێزەکانی بەرگری بەهێزتر کراون و کڕینی فڕۆکە شەڕکەرەکان بە تێگەیشتنێکی باشی هاوبەش لە سەرووی سنوورە حزبایەتیەکانەوە ئەنجامدراوە. ئێمە دڵنیایی خزمەت و پشتبەخۆبەستنی وزەمان باشتر کردووە و بە دروستکردنی ڕێگایەک بەرەو بێلایەنی کاربۆن ڕووبەڕووی قەیرانی کەشوهەوا بوینەتەوە.

دەکرێت بۆ ماوەیەکی زۆرتر درێژە بەو لیستە بدرێت، بەڵام دەبێت چاومان لە داهاتوو بێت. هێشتا کارەکە تەواو نەبووە. خوێندنی ئاستی دووەم (قۆناخی ئامادەیی)ی بێبەرامبەر پێویستی بە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی بەهێزترە کە لەگەڵیدا هاوتا بێت. ڕێساکانی ژیانی کارکردن و مافی ئیشکەران پێویستیان بە بەهێزکردنە، هەروەها پێویستە بە درێژایی تەمەن پاڵپشتیی پەرەپێدانی کارامەییەکان بکرێت. دەبێت بە سیاسەتی پەرەپێدان و ئابووریی بەهێزی داهێنەرانە بەرەنگاری قەیرانەکانی داهاتوو ببینەوە. پێویستە توانای مرۆڤی ئاسایی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرزبوونەوەی نرخ و نادڵنیایی ئابووری بەهێزتر بکرێت.

هیچ کام لەمانە بەبێ حزبی سۆشیال دیموکرات SDP ڕوونادات. دیسانەوە بابەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان پەیوەندیی بە بژاردەی بەهاکانەوە هەیە.

بەڵام قسە حەتمییەکان زاڵن بەسەر گفتوگۆ گشتیەکان. ئەوەش لەلایەن پارتە ڕاستڕەوەکان و نوخبەی ئابووری بە ڕێکخراوە بەرژەوەندیخوازەکانیانەوە پارێزگاری لێدەکرێت. بە وتەی ئەوان ئێمە بەرەو کارەساتێک دەڕۆین: کە پاشەکشەی ئابووری لە پێشماندایە و تاکە بژاردەش کەمکردنەوە و زەوتکردن و نەهێشتنی خۆشگوزەرانی و بژێوی و ئاستی ژیانی خەڵکی ئاساییە. سەرەڕای بەرزبوونەوەی زۆری نرخەکان، دەڵێن توانای بەرزکردنەوەی مووچەکان نییە و تەنانەت زەمانەتی دەبێت بێکاریش بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بکرێت. لە هەمان کاتدا بەڵێنی گەشەکردن دەدەن کە تەنها ئەگەر باجەکان کەم بکرێنەوە و ڕێساکان سووک بکرێن - ئەوانەش کە وا دەڵێن زۆربەیان خاوەن داهاتە بەرزەکان و کۆمپانیا گەورەکانن. ئەم کەمکردنەوەی باجانەش بە بڕینی خزمەتەکان دابین دەکەن. براوەکان خاوەنی داهاتە زۆرەکانن، دۆڕاوەکانیش مووچەخۆر و خانەنشینی ئاساییین.

پەرەسەندنی جیاوازیی داهاتی خەڵکی و تێکچوونی ژینگە و تێپەڕاندنی نۆرەی خزمەت و چارەسەر تەنها بۆ ئەوانەیە کە گیرفانیان پڕە تاکە بژاردە یان یاسای سروشت نین. بابەتەکە پەیوەندیی بە بژاردەکانەوە هەیە. حزبی سۆشیال دیموکرات SDP بژاردەیەکی دادپەروەرانە پێشکەش دەکات کە لە ناوەڕاستی قەیرانەکاندا تاقی کراوەتەوە، کە تێیدا بە زامنکردنی ژیانی مرۆڤ و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە ئاساییەکان

ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان دەبینەوە. لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا قەیرانی گەورەمان بینی. لە کاتی ئەو قەیرانانەدا چاکسازیی پێکهاتەییمان بەرەو پێشەوە بردووە و ژیانی کار و کاسبی و کۆمپانیاکانمان پاراستووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاگاداری مرۆڤەکانیش بووین.

حزبی سۆشیال دیموکرات SDP پلانێکی هەیە کە لەم بەرنامەی هەڵبژاردنەدا نووسراوە. دەتوانین سەرکردەیەکی بەئەزموون پێشکەش بکەین بۆ سەرکردایەتیکردنی گۆڕانکاری و ئازایەتیشمان هەیە بۆ بەردەوامبوون لەم کارە. ئێستا داوا لە تۆ دەکەین هەڵبژێریت. داوای پاڵپشتیت دەکەین بۆ بەردەوامبوونی گۆڕانکاری و بریکارنامە بۆ چوار ساڵی تر.

**حزبی سۆشیال دیموکرات SDP لایەنگری تۆیە.**

## ئەو خزمەتانەی کە بۆ هەموو کەسێک دەبن

ئێمەی سۆسیال دیموکراتەکان دەمانەوێت خزمەتەکانی سۆشیال و تەندروستی و گەیشتنی کەسەکان بە چارەسەری پزیشکی و یارمەتیە پێویستەکان دەستەبەر بکەین. ئێمە ئامادەین وەبەرهێنان لەم خزمەتانە و ئەو کەسانەدا بکەین کە ئەو خزمەتانەمان دەکەن.

- لەسەر بنەمای مۆدێلی زەمانەتی گشتیی حزبی سۆشیال دیموکرات SDP چاکسازی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەکەین کە هاندەری بەشداریکردن و بەرەنگاربوونەوەی هەژارییە.
- مشووری ئەوە دەخۆین کە هەرکەسێک لە ماوەی حەوت ڕۆژدا چارەسەری پزیشکیی بۆ بکرێت بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا کێشەکەی لە ئەژنۆیدایە، لە دڵیدایە یان لە دەروونیدایە.
- دڵنیا دەبین لەوەی کە ئەو رسوماتەی کە لە نەخۆشەکان وەردەگیرێت ڕێگر نەبێت لەبەردەم چارەسەرکردنی هیچ کەسێک ، هەروەها هەنگاو دەنێین بەرەو چوون بۆ بنکەی تەندروستی بێبەرامبەر.
- خزمەتەکانی چاودێریی تەندروستی دەم و ددان باشتر دەکەین.
- ئاگامان لەوە دەبێت کە خزمەتی کارا بۆ بەساڵاچووان دابین بکرێت و زیادکردنی مووچە کەمەکانی خانەنشینی بەردەوام بێت.
- ژمارەی گونجاوی دامەزراندنی کارمەندانی خزمەتی بەساڵاچووان مسۆگەر دەکەین و سەرچاوە تواناییەکان بۆ چاودێریکردنی ئەندامی خێزان زیاد دەکەین.
- ستراتیژییەکی نیشتمانی کەمئەندامی دروست دەکەین بۆ دەستەبەرکردنی بەدیهێنانی مافەکان و بەشداریکردنی کەمئەندامان.
- پێگەی ئەوانەی بەتەنها دەژین باشتر دەکەین بە باشترکردنی بژێوی ژیان و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوانەی بە تەنیا دەژین لە چاکسازیی زەمانەتی کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی مەترسی پەراوێزبوون.

## ژیانێکی کارکردنی باشتر

کار بەردی بناغەی کۆمەڵگەکەمانە. داهاتی بژێویی کەسێتی و بەشداربوون لەسەر ئەو بناغەیە پێکهێنراوە، لە هەمان کاتدا سەرکەوتوویی و توانای کێبڕکێ و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەش. بیرۆکەی حزبی سۆشیال دیموکرات SDP لە مێژە ئەوە بووە کە بەرێوەبردنی دامەزراندن لە کار و دروستبوونی هەلی کاری باش بەردەوامترین سیاسەتی ئابوورییە کە دەتوانرێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی باکووریدا بکرێت.

- دڵنیا دەبین لەوەی کە مافی هەمووان بۆ کارکردن و بەشداربوون بێتە دی.
- بەرەوە ڕێژەی لەسەدا ٨٠ لە کار دامەزراندن دەڕۆین.
- دەرفەتی بەشداربوون لە ژیانی کارکردندا بۆ ئەو کەسانەی کە توانای کارکردنی بەشێک لە کاتیان هەیە باشتر دەکەین.
- پابەند دەبین بە ڕێسا دادپەروەرانەکانی ژیانی کارکردن. نەریتی ڕێککەوتن و ڕێساکانی بازاڕی کار بەهێزتر دەکەین.
- بە شێوەیەکی گشتگیر ڕووبەڕووی کەمیی هێزی کار دەبینەوە بە باشترکردنی بارودۆخی کارکردن و مووچەکان و بە زیادکردنی هاتنی کۆچبەران لەسەر بنەمای کار.
- بەرەنگاریی جیاکاری دەبینەوە، گونجاندنی ژیانی کارکردن زیاد دەکەین و ژیانی کارکردن  لەگەڵ ژیانی خێزاندا زیاتر دەگونجێنین.

- یەکسانی و هاوتایی لە ژیانی کاردا باشتر دەکەین و شەفافیەتی مووچە زیاد دەکەین و بەردەوام دەبین لە پەرەپێدانی مۆڵەتی خێزانی.
- دەستێوەردان دەکەین لە تاوانەکانی بازاڕی کار بە تاوانبارکردنی کەم مووچەیی و بەهێزکردنی پێگەی نوێنەری سەندیکا لە شوێنی کارەکان و زیادکردنی سەرچاوە تواناییەکانی پاراستنی کار.

## فینلەندا ببێتە وڵاتی لووتکەی پەروەردەیی

حزبی سۆشیال دیموکرات SDP دەیەوێت فینلەندایەک بنیات بنێت کە کراوە و ئازا و داهێنەر بێت. دەبێت لە داهاتووشدا ئامانجمان ئەوە بێت کە ببین بە کارامەترین میللەتی جیهان، چونکە تەنها لەو کاتەدا توانای کێبڕکێمان دەبێت و دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە هەموو کەسێک دەرفەتی ئەوەی هەیە کە بەدوای خەونەکانی خۆیدا بگەڕێت.

- قوتابخانەی سەرەتایی فینلەندی دەکەینە باشترین لە جیهاندا.
- پشتگیریی تاکەکەسی بۆ فێربوون بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندن زیاد دەکەین.
- ئامانجمان پەروەردەی ساوایی کوالیتی بەرز و بێبەرامبەر و خوێندنی دوو ساڵەی پێش قوتابخانەیە.
- ئاگامان لەوە دەبێت کە لە خوێندنی سەرەتاییەوە تا خوێندنی باڵا ژمارەیەکی پێویست لە کارمەندان هەبن.
- وەبەرهێنان لە خۆشگوزەرانی و کارامەیی کارمەندان دەکەین.
- بژێوی خوێندکاران باشتر دەکەین و قورسایی قەرزی پاڵپشتیکردنی خوێندن کەم دەکەینەوە.
- ئاستی خوێندنی فینلەندیەکان بەرز دەکەینەوە و ئامانجێک دادەنێین کە لە ساڵانی ٢٠٣٠ زیاتر لە سەدا ٦٠ی گەنجان خوێندنی باڵایان هەبێت.
- دڵنیا دەبین لەوەی کە هەموو کەسێک بتوانێت بە درێژایی ژیانی کارکردن پەرە بە شارەزاییەکانی خۆی بدات و شانبەشانی ئەو خوێندنە درێژخایەنانەی کە لەسەر بنەمای بڕوانامە ئەنجام دەدرێن کۆبەندێکی مەشق و خوێندنی ژیانی کارکردنی نوێش دابهێنرێت.

## بایەخ دەدەین بە ئاسایشی فینلەندا و فینلەندیەکان

بایەخدان بە ئاسایشی فینلەندا و فینلەندیەکان بۆ ئێمە گرنگە. بناغەی ئاسایش بە کەمکردنەوەی نایەکسانی کۆمەڵگا و بەهێزکردنی بەشداریکردنی هاوڵاتیان و گرنگیدان بە دڵنیایی خزمەت و بەرگریی باوەڕپێکراوی فینلەنداوە دروست دەکرێت. هەروەها پێویستە فینلەندا ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و پابەندبوون بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانەوە لە سەرانسەری جیهاندا باشتر بکات.

- بایەخ دەدەین بە ئاسایشی گشتلایەنە لە تەواوی کۆمەڵگەکەدا.
- بەردەوام دەبین لە پشتگیریکردنی ئۆکرانیا لە بەرامبەر پەلاماری نایاسایی و دڕندانە.
- بایەخ دەدەین بە سەرچاوە تواناییەکانی هێزەکانی بەرگری و توانای بەرگری باوەڕپێکراوی فینلەندا.
- ڕۆڵێکی چالاک و بنیاتنەر بۆ فینلەندا پێکدەهێنین وەک وڵاتێکی ئەندامی ناتۆ.
- توانای فینلەندا بۆ خۆئامادەکردن بۆ چەندین حاڵەتی نائاسایی باشتر دەکەین، بۆ ئەو حاڵەتانەش کە هێشتا ناتوانین پێشبینیان بکەین.
- سەرچاوە تواناییەکانی پۆلیس و ڕزگارکردن مسۆگەر دەکەین.
- بەرەنگاری توندوتیژیی خێزانی دەبینەوە و ژمارەی خانەکانی داڵدەدان زیاد دەکەین.
- بایەخ دەدەین بە ڕۆڵی چالاکانەی فینلەندا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ پشتگیریکردن لە پێشبینی و خۆئامادەکردن.
- ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و پابەندبوون بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانەوە لە سەرانسەری جیهاندا باشتر دەکەین.

## سیاسەتێکی ئابووری دادپەروەرانە و بەرپرسیارانە

بنەماکانی گەشەکردنی بەردەوام، ڕێنوێنی هەموو سیاسەتەکانی حزبی سۆشیال دیموکرات SDP دەکەن. لەبەر ئەوە دەبێ هەموو سیاسەتەکان لەسەر بنەمای سیاسەتێکی ئابووریی بەردەوام و دادپەروەرانە بن کە پێویستی بە بەردەوامیی کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆجی هەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی بەدی بهێنرێت.

- سیاسەتێکی ئابووری دادپەروەرانە پێڕەو دەکەین کە مەرجەکانی کارکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و کەسە لاوازەکانی کۆمەڵگە بپارێزێت.
- بەردەوامبوونی لە سەدا دووی گەشەی ئابووری دەکەینە ئامانج. بە وەبەرهێنان لە چالاکییەکانی پەروەردە و توێژینەوە و پەرەپێدان و داهێنان و گواستنەوەی سەوز گەشەکردن دەهێنینە ئاراوە.
- پشتگیری لە گەشەکردن و بەنێودەوڵەتیکردنی کۆمپانیا فینلەندیەکان دەکەین. فینلەندییەکان بەرامبەر بە مووچەی خۆیان کاریان کردووە - مووچەدانێک کە توانای کێبرکێی هەبێت دەگەڕێنینەوە بۆ خاوەنکار.
- سەقفی نرخ بۆ کارەبا دروست دەکەین و سەقفەکانی پارەی خزمەتەکانیش یەک دەخەین.
- هەتاکو ساڵەکانی ۲۰۳۰ قەرزەکان دادەشکێنینەوە.
- باجدان دادپەروەرتر دەکەین، بنەمای باج چڕدەکەینەوە و دەستێوەردان لە خۆدزینەوە لە باج دەکەین.
- وا دەکەین کە باج لەسەر خاوەن داهاتە کەم و مامناوەندەکان و خاوەنکاران و خانەنشینان زیاد نەبێت.
- داوا دەکەین لە شوێنی کارەکاندا لە خەرجەکاندا پاشکەوت بکرێت و چاکسازی لە کارەکان و بکرێت و کڕینی پێداویستیەکان زیرەکانەتر بێت.
- پێداچوونەوە بە یارمەتی کۆمپانیا و کاسبکاریەکان بکرێت و ئەو یارمەتییانەی کە کاریگەرییان نیە و زیانبەخشن ببڕدرێن.

## بەرەنگاری گۆڕانی کەشوهەوا و لەناوچوونی سروشت دەبینەوە

ئامانجی حزبی سۆشیال دیموکرات SDP پێشخستنی گواستنەوەیەکی خێرا و هەمەلایەنەیە بۆ کۆمەڵگە بەردەوامەکان لە ڕووی ئیکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لە سەرانسەری یەکێتی ئەورووپا و لە سەرانسەری جیهاندا.

- سیاسەتێکی شکۆمەندی کەشوهەوا دادەنێین.
- گواستنەوەیەکی سەوزی دادپەروەرانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ هەمووان مسۆگەر دەکەین.
- لاوازبوونی فرەچەشنەیی سروشت ڕادەگرین و هەتا کۆتایی ئەم دەیەیە بەرەو بوژانەوە دەیگەڕێنینەوە.
- بۆ پاراستنی سروشتی فینلەندا یاسای سروشت دەردەکەین.
- ئاگاداری دارستانەکانی فینلەندا دەبین و بەشێوەیەک چاکسازی لە یاسای دارستانەکاندا دەکەین کە پارێزگاری لە قووتدانی کاربۆن و هەمەچەشنەیی سروشت و بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی دارستانەکان بکات.
- ئابووری بازنەیی بەرەوپێش دەبەین، وا دەکەین کە بەکارهێنانی کەرستەی دووبارە دروست کراو (ڕیسایکل کراو) قازانجی زیاتر بکات و بەکارهێنانی بەردەوام ئاسان بکرێت.
- بۆ هەمیشە پەیوەندیمان لە وزەی فۆسیلی ڕووسیا دەبڕین و دەگوێزینەوە بۆ فۆرمەکانی وزەی نوێبووەوە و بێ دەردانی گازی ژەهراوی.
- دەیکەینە ئامانج کە هەتاکو ساڵی ۲۰۲۵ خۆبژێویی وزە لە ڕووی کارەباوە دابین بکەین.